م. لەنجە طلعت عبید – بەشی مێژوو

- پ ١: جیاوازی لەنێوان ئەمانە بکە:

ا- سەردەمی حتشبسوت لەگەڵ تحتمس

١ - حتشـــبســـوت گرنگی زۆری بە لایەنی بازرگانی داوە و شـــانازی بە دەســـکەوتەکانیەوە کردووە کە لە لایەنی بـازرگـانی و بینـاســـازی بەدەســـتی هێناوە، بەڵام ســـەردەمی تحوتمس پر بووە لە هەڵمەتی ســـەربـازی کە لە ئەنجـامی ئەم جەنگـانە بە گەورەترین جەنگـاوەر دادەنرێت، شانازی بە سەرکەوتنەکانی لە جەنگەکاندا کردووە.

- ٢- پەیوەندی وڵاتی میسـر لەسـەردەمی حتشـبسـوت لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بریتی بووە لە ســود وەرگرتن، بەڵام ســەردەمی تحمتمس پەیوەندی تەنها جەنگ بووە

ب- جیاوازی میسری سەروو و خواروو

زیاتر کاریگەری شـارسـتانیەتی میزۆپۆتامیا بەسـەر دا دیارە بەهۆی بازرگانی کردنیان لەگەلیان بەهۆی شـێوازی دروسـت کردنی خشـتەکان و مۆری سـتوونی، هێما لەسـەر دیوارەکان وگۆڕەکان ، تەنانەت شـێوە بنەڕەتییەکانی ئایینی میسـری کۆنیش بتوانرێت بە کاریگەری میزۆپۆتامیا ببەسترێت

بازرگانی لەگەڵ کەنعان بووە هۆی سـەرهەڵدانی داگیرکارییەکانی میسـر کۆمەڵگەکان گەشـەیان کردووە، بازرگانی گەشـەی کرد لەنێوان دانیشتوانی میسری خواروو و سەروو

- میسری خواروو

خەڵکی فەیووم هەسـتان بە دروسـتکردنی کوخ بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە لەم ماوەیەدا حکومەتی عەشایەری لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان دەستی پێکرد کە دەسەڵاتیان هەبوو کە گوازراوەتەوە بۆ نەوەی داهاتوو لە ڕێگەی خێزانی یان هۆزایەتی کۆمەڵگەکان لە هۆزە بچووکەکان بۆ هۆزە جیاوازەکان کە لە یەک ناوچەدا ژیاون و بە بەردەوامی گەشەیان کردووە

بە هۆی دۆزینەوەی شـوێنەوارەکانی تایبەت بەم لایەنە لە کەناری ڕۆژئاوای دەلتای نیلەوە ئەم پێشـکەوتنانە گەشـەی کرد کە تیایدا دیواری قوڕی وگەچیان دروسـتکرد زیاتر پێشـکەوتنەکان لە لایەنی بیناسـازی بووە، هەر لەم سـەردەمەدا مردوانیان لە خانوەکانیان یاخود لە نزیک خانوەکانیان دەناشـت، بەڵام لەدوای سـاڵی ٤٠٠٠پ.ز گۆڕسـتانەکانیان بەکار هێنا بۆ ناشتنی مردوان.

پ٢:هۆکاری سـەرکەوتنی فەلەسـتینیەکان بەسـەر لایەنی بەرامبەر دەگەڕێتەوە بۆچی
بۆ جۆری چەکەکانیان بەوەی لە کانزا دروستکرابوودیارە ئەوان کانزاکاریان زانیوە لەو ماوەیەشدا عیبرانیەکان نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی بتوانن کانزا بەکاربهێنن ، تا سەردەمی پێغەمبەر داود توانی بەسەر فەلەستینیەکاندا زاڵ بن

پ٣: کاریگەری وڵاتی عێراق لە مێژووی وڵاتی شام چی بوو باسی بکە
بەهۆی ئاسایی هاتوچۆ ونەبوونی بەربەست لەنێوان هەردوو هەرێمەکاندا ، پەیوەندیەکانیان لە ئاستێکی زۆر باش دابوو وەکو سیمایێکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا
دوای سەرهەڵدانی بنەماڵەی سۆمەریەکان بەتایبەت لەسەردەمی پاشای شاری (ئۆما) بەناوی (لۆگال زاکیری) کەسایەتێکی سەربازی بووە لەسەردەمی ناوبراو هێرشی کردۆتەسەر سوریا
- لەلایەکی تر لەسەردەمی (سەرجۆنی ئەکەدی) هەڵمەتێکی سەربازی کردۆتەسەر لوبنان و داگیری کردووە ، دوای لەناوچوونی ئەکەدیەکان ئەم هەرێمانە ئازادبوون ، بەلام وڵاتی شام هەموو ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەکەدیەکان بوون کەوتنە ژێر دەسەلاتی حۆریەکان

پ٤: هۆکاری جیابوونەوەی باکوروباشوری عیبرانیەکان چی بوو
باشور
- 1- لە ڕووی ئابووریەوە بە پیشەی شوانکاری خەریك بوونە .
- 2- لەڕووی ئاینیەوە یەکتاپەرست بوونە خواوەندێکیان پەرستوە بە ناوی (یەهوە )

باکور
- 1- لەڕووی ئابووریەوە دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵی کردن خەریك بوونە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بە پیتی خاکەکەی بەرهەمی جیاوازی وەکو : گەنم و جۆ زەیتون ...
- 2- لەڕووی ئاینیەوە بێ باوەڕ و بت پەرست بوونە

پ٥: ئارامیەکان چەند دەوڵەتێکیان لە نێوان عێراق و سـوریا دامەزراند تەنها باسی لەم دەوڵەتانەی عێراق بکە
- ١- لە 1200 پ.ز دەوڵەتی ئارام نەهر ئەیم لە نێوان رووباری فورات و خابور دادەمەزرێنن.
- ٢- دەوڵەتی پیت ئەدینی لە بە شی باکوری دۆڵی دوو رووبار دامەزراوە و مەلبەندەکەی شاری بریسیب بوو کە دەکەوێتە گردی سوور لەسەر رووباری فورات.
- ٣- دەوڵەتی بیت بەخیان مەڵبەندەکەی تل جوزابا لە گردی حەلەف بووە.

- ٤- دەوڵەتێکی دیکەیان لە ناوەراست و باشووری عیراقدا دروست کردووە.
- ٥- وەکو بیت یاکین هەروەها دەوڵەتێکی دیکەی بەهێزیان بەناوی کلدیەکان دروست کردووە.دوای هاوپەیمانیان لەگەڵ میدیەکان توانیان ئاشوریەکان بە کۆتا بهێنن لە 612 پ.ز.

پ٦: کێ بە دامەزرێنەری راستەقینەی عیبرانیەکان دادەندرێت ؟

داود پێغەمبەرداود پێغەمبەر لە نێوان سالانی (١٠٠٤-٩٦٠پ.ز) دەبێتە دامەزرێنەری راستەقینەی عیبرانیەکان دادەندرێت. سەرەتا لەژێر دەسەلاتی فەلەستینیەکان حوکمی دەکرد، بەلام دواتر توانی سەربەخۆی تەواو بەدەست بهێنێ

کارەکانی چین

1 توانی رووبەری دەوڵەتەکەی بەرفراوان بکات ودەست بەسەر دەولەتەکانی (ئەدۆم، موتاب، ئامون) دابگرن

2 هێرشی کردە سەر شاری دیمەشق توانی داگیری بکات

3 توانی دەست بەسەر رێگای بازرگانی نێوان ولاتی شام وولاتی عەرەب دا بگرێت

4 توانی دەوڵەتیکی بەهێز دروست بکات شاری ئورشلیم بکاتە پایتەختی خۆی بەوەی شوێنێکی ناوەراستی هەبوو لە نێوان هەردوو بەشی باکوروباشور کۆشکی شاهانەو پەرستگای مەزنی لەوێ دروستکرد

پ ٧/ باس لە قۆناغەکانی کۆچی عیبرانیەکان بکە ؟

١- کۆچی یەکەم بۆ ناوچە بیابانەکانی نزیک باکوری عێراق بووە لەسەدەی ١٨پ.ز هاوسەردەمی هێرشی هیکسۆسەکان بووە بۆ سەر میسر

٢- دەگەرێتەوە بۆ هەمان کاتی کۆچی ئارامیەکان واتا لەسەدەی ١٤پ.ز

٣- کۆتایەکانی سەدەی ١٣پ.ز دەگەرێتەوە پاش ئەوەی لە دورگەی سینا بوون شاربەدەر دەکرێن لەگەل پێغەمبەر موسا بۆ بەشی باشوری رۆژهەلاتی فەلەستین کۆچیان کردووە

پ٨/ <u>مەبەست چیە لە زمانی هاوبەش</u>

لەدوای کۆنترۆڵکردنی رێگا بازرگانیە کان هۆکارێک بوو بۆ بلاوبونەوەی زمانی ئارامی بە هۆی ئاسانی لە گۆکردن زۆربەی بازرگانەکان فێری زمانی ئارامی بون لەنێو زۆربەی نەتەوەکانی کۆندا بلاوبۆوە ، ئاشوریەکان لە هەندێ نوسراوەکانیاندا بە زمانی ئارامی تۆمار کردوە بۆیە پێی وتراوە زمانی هاوبەش

پ٩: حەزائیل کێیە ؟ کارەکانی چی بوون

- كە یەكێک بوو لە پاشـــا بەناوبانگەكانی ئارامی شـــەركەرێكی بەهێز وبەتوانـا بووە توانیویەتی بەرەنگـاری دوو هێرشـــی ئـاشـــوری ببێتەوە لەسەردەمی شەلمانسەری سێیەم لە سالآنی( ٨٤٣، ٨٣٨پ.ز)
- كارەكانی حەزائیل:
- ١- توانیویەتی دەسـت بەسـەر ناوچەكانی ئیسـرائیل لە بەشـی رۆژهەلآتی ئوردن و لە باشوریش تاوەكو ناوچەكانی فەلەستین چووە.
- ٢- هەولّی دا دەســت بەســەر رێگا بازرگانیەكانی نێوان میسـر و ناوچە عەرەبیەكاندا بگرێت.
- ٣- هەروەها باجی لە شانشینی یەهوزا وەرگرت.

- پ١٠: چی دەزانی دەربارەی ئەمانە
- شـەڕی زاما: ئەو شـەڕە بوو كە لە نێوان ڕۆمانەكان و قرتاجەكان رووی دا لەســـەردەمی پاشـــا (هانی بال) لە ســـالّی (196پ. ز) پاشـــای ناوبراو نەیتوانی بەرامبەر بە ڕۆمانەكان خۆی بگرێت بۆیەی بەرەو شـاری (صـور) رایی كرد لە ئەنجـامـدا بووە هۆی ســـەركەوتنی رومـانەكـان بەســـەر قرتاجەكان.
- شانشینی دیمە شق : فراوانترین شانشینی ئارامیەكان بوولە سوریا كە هەر لە ناوچەكانی رۆژهەلآتی فورات تاوەكو ناوچەكانی شـاری یەرموكی دەگرتەوە لە رۆژئاوا. لە باكوریش لەگەلّ ئاشـوری و لە باشـوریش لەگەلّ عیبرانیەكان هاوسنوور بوون.
- بەو جۆرە هەموو ســـوریایان لە ژێر دەســـتدا بووە پایتەختیان شـــاری دیمەشق بووە كە ناسارو بووە بە ئارام دیمەشق.
- شاول : خاوەن كەسایەتی ئازا ولێهاتوو وبەهێز بووە توانی لەدژی پاشای فەلەسـتین جالوت سـەركەوتن بەدەسـت بهێنێت ولەیەكێ لەشـەرەكان دەكوژرێت.
- عیبرانیەكـان: چوارەمین هۆزی كۆچەری ســـامی نەژادن، كە لە بەشـــی باشوری ولآتی شام (فلسطین)نیشتەجێ بوونە ،ئاماژە بەوە كراوە ناویان لە (عابر ) هاتووە واتە پەڕینەوە ، زیاتر لە جارێك كۆچیان كردووە.
- شـەری قەرقار لەگەلّ ئاشـوریەكانیش بەهەمان شێوە لە دیارترین شـەری قەرقار بوو كە لە ئەنجامی هەلّمەتەكەی شـەلمانسـەری یەكەم كەوتەوە، لە سەر رووباری عاسی بوو لە 853 پ.ز.

پ ١١/ باس لە دابەشـــبوون وهۆكارەكانی جیابوونەوەی دەولّەتی عیبرانی بكە

- لەســـەر دیاریكردنی( رەحبعام )كوری ســـلێمان دوو هۆزو رازی بوون كە ببێتە دەسەلآتدار
- بەلآم هۆزەكانی تر( یەربعام) یان هەلبژارد مەملەكەتی باكور دەولّەتی ئیسرائیل دابمەزرێنن پایتەختەكەی سەرەتا شاری شەكیم بوو شوێنەكەی

نزیک شاری نابلوس بوو دواتر شاری ترصه کردیانه پەیتەختیان، له کۆتایدا شاری سامره یان کرده پایتەختیان
- هەرچی رەحبعام بوو لەبەشــی باشــور دەولەتێکیان دامەزراند بەناوی یەهوزا پایتەختەکەی ئورشلیم بوو

باشور
- 1- له ڕووی ئابووریەوه به پیشەی شوانکاری خەریك بوونه .
- 2- لەڕووی ئاینیەوه یەکتاپەرســت بوونه خواوەندێکیان پەرســتوه بە ناوی (یەهوه )

باکور
- 1- لەڕووی ئابووریەوه دانیشتوانەکەی به کشتوکاڵی کردن خەریك بوونە هۆکـاری ئەوەش دەگەڕێتەوه بۆ به پیتی خـاکەکەی بەرهەمی جیـاوازی وەکو : گەنم و جۆ زەیتون ...
- 2- لەڕووی ئاینیەوه بێ باوەڕ و بت پەرست بوونه

پ١٣: ئەم بۆشایانەی خوارەوه پربکەرەوە:

١-ئۆناس.کۆتا مەلیکی بنەماڵەی پێنجەمە که ماوەیەکی زۆر حکومی کردووه، یـەکـەم مـەلیـك بووه لەم بنەمـاڵەیە نـازنـاوی خواوەنـد رەع ی هەڵنەگرت.

٢-جۆرەکـانی خزمەتکـارانی خواوەنـد لەمیســر، بریتی بوون له: ١-خزمەتکارانی هەمیشەی ٢-خزمەتکاری کاتی.

٣-مەلیک ئمنمحاتی یەکەم ڕژێمی حوکمی پشــتاوپشــت، بڕیاردرا کوری گەورەی هەر مەلیكێك لەگەڵ باوکی ببێتە جێنشین.

٤- بلوتارك مێژوونوســێکی ڕۆمانیه، کتێبێکی هەیە بەناونیشــانی ئیزیس و ئۆزوریس له بارەی بیروباوەرەکانی ئایینی کۆنی میسر دواوه

٥- هیرۆدۆت ناوی میسری به خەلاتی نیل ناوبردووه.

٦- شـانشـینی باکووری میسر له (20) نۆمی پێك هاتبوو باشـووریش له (22) نۆمی پێکهاتووه.

٧-میســریەکان بۆ پاراســتن و تۆمارکردنی ڕووداوەکان نووســینی هیرۆگلیفی یان داهێنا

٨-نازناوەکانی نوســەری فرعەون بریتی بوو له: ١- ســەرۆکی نهێنی هەموو فەرمانەکانی پاشــا. ٢- ســەرۆکی نهێنییەکانی ســەرجەمی بڕیارەکانی دادوەری

٩- لەســەردەمی بنەماڵەی چوارەم کەسێك سـەرپەرشـتی کەشـتیگەلی وڵاتی میسری دەکرد پێیاندەوت حاکم استول

١٠ - بۆ لێکۆلینەوه له مێژووی میســر پێویســتە پشــت به دوو جۆر سەرچاوه ببەسترێت لەوانە: ١-سەرچاوەی مادیەکان ٢- نوسراوەکان

پ١٣: کارەکانی نارمر  چین بیانژمێرە؟
و/ دروستکردنی  حکومەتی ناوەندی لە مێژووی میسردا

- – یەکخستنی هەردوو بەرەی باکور و باشور.
- – دروستکردنی شاری  منف(منفس)(دیواری سپی)
- – شورایەکی گەورەی شاری لە دەوری شاری مەنفیس دروستکرد
- – پارێزگاری کردن لە ئەمن و ئاسایشی وڵاتی میسر .
- – گواستنەوەی رێرەوی رووباری نیل .

پ١٤ / بەکورتی پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :

پاپیروس: جۆرێکە لە پەڕ کە لەلایەن میسـری کۆنەکانەوە بەکارهاتووە و هەر لەلایەن ئەوانیشـەوە دروسـتکراوە، پاپیروس لە جۆرە دارێک بەرهەم دەهێنرا کە وەک قامیش وایە

ئەنجومەنی  زازات: کـاروبـاری دادگـای تیـایـدا دەکرا ئەمەش ئەوە دەگەینێت یاسایی دادگەری هەبوو بنەماڵەی یەکەم ودووەم

هەرەمی خۆفۆ :لە شاری جیزە بنیادنراوە قەبارە و شێوەکەی زۆر مەزنە و بەرزیکەی بە 146م خەمڵێنراوە ، بەلآم بەهۆی داڕمانی بەرزییەکەی تەنها 137م ماوەتەوە، بناغەی شـــێوەی چوارگۆشـــەیە و لە بەردی زۆر گەورە دروستکراوە.

بەردیەی تۆرین:
ئەم بەردیە لە(منف) لەسـاڵی(1818) لەلایەن ئیتالییەکان دۆزرایەوە و گواســترایەوە مۆزەخانەی (تۆرین)ی ئیتالیا، بەردیە کە بۆ ســـەردەمی بنەماڵەی(19)  دەگەڕێتەوە و ناوی(300)پاشـــای  لەخۆگرتووە و بەناوی پاشاکانی بنەماڵەی(17)  واتا کۆتای سەردەمی هکسۆسەکان  کۆتای دێت

چەمکی شارستانیەت  بریتیە لە:  هەموو ئەو چالاکیی و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤە  کـە گرنگی بـەکردەی پێچـەوانـەی بۆمـاوەی نـادات . بـەڵکو شارستانیەت چەندین لایەنی جیاواز دەگرێتەوە وەکو زمان و ئاین وکەلتور
- شـارسـتانیەت : هەموو ئەو چالاکیە مرۆییانەیە کەپەیوەندی بەهەموو لایەکەوە هەیە چ دنیای یان ئاینی یان روحی یان مادی یان عەقڵی بێت

- پ١٥: بۆچی شەڕی قادێش گرنگە ؟

چونکە بە  یەکێک لەو پێکدادانە سـەربازیانەی کە بە حیثیەکان پێ ناسـراوەن ، جەنگی قادێش بوو لە دژی ســوپای میســر لە ســـەردەمی ڕامسیسی دووەم لە ساڵی 1274 پ.زئەم جەنگە گرنگە، چونکە هەردوولا

بانگەشەی سەرکەوتنیان کرد ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یەکەم پەیمانی ئاشتی ببەسترێت لە مێژووی جیهاندا لە ساڵی 1258 پ.ز .

**پ١٦: بیروباوەری ئاینی حیسیەکان چۆن بوو بەکورتی باس بکە:**

- فرە خواوەند بوونە لە دیارترنیان خوداوەندەکانی زریان بوو.
- تارانت بە پاشای ئاسمان، پاشای خاکی خودا ناودەبرا، ئەوە خوداوەندی جەنگ و سەرکەوتن بوو، بەتایبەتی لە دژی هێزە بێگانەکان.

ئاماژە بەوەش کراوە کە سیستمێکی بەبەردبوو نەبوو، چونکە هیتییەکان بە درێژای کات چەندین خودایان پەرستووە لەو وڵاتانەی داگیریان کردبوون یان بازرگانیان پێوە دەکرد، ئەمەش وای کرد کە یەکێک لە وڵاتانی جیهانی کۆن زۆرترین کاریگەری لەسەر کلتورە جیاوازەکانی دەوروبەری هەبێت، چونکە وادیارە پیشەسازی کلتور بە شێوەی نەریتی هەندێک وڵاتی تری دراوسێ تایبەتمەندی ئەم وڵاتەی تێدا نەبوو.

**پ١٧: نەژادی ئەنادۆڵ بۆ چ رەکەزێک دەگەرێتەوە؟**

ئەنادۆڵ یەکێکە لەوناوچانەی کەمرۆڤ لەدێر زەمانەوە تیایدا نیشتەجێ بووە، ژیان لەم ناوچەیە بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە وەکو نشینگەی(ترواده)، حیسییەکانیش لەهەزارەی دووەمی پێش میلاد لەناوچەکانی باشووری روسیاوە روویانکردە ئەنادۆڵ و لەسەدەی هەژدەهەمی پێش میلاد یەکەم ئیمبراتۆریەتیان دامەزراند تاوەکو سەدەی سیزدەهەمی پێش میلاد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەژادی دانیشتوانی ئاسیای بچووك لەرەگەزی(هندو- ئەوروپی)ە

**پ١٨: باس لە جیاوازیەکانی نێوان پاشماوە نوسراو و نەنوسراوەکان بکە**

**پاشماوە نەنووسراوەکان:** هەموو ئەو پاشماوە نەنووسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو و سەردەمی مێژوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە پاشماوانە بەهیچ شێوەیەك زانیاری تۆمارکراو ناخەنە بەردەست لەبەر ئەوە نابنە سەرچاوەی مێژووی کۆنی شام و ئەنادۆل، ئەم جۆرە پاشماوە نەنوسراوانە هەریەکە لە(خانوو، پەیکەر، کەل و پەلی ناومال و کارکردن و راوکردن و شەڕ کردن....)دەگرێتەوە کە لە(گڵ و دار و بەرد و کانزا و ئێسك) دروستدەکران . بەشێك لەپاشماوە نەنووسراوەکانی شام و ئەنادۆڵ کەبۆ سەردەمی چاخەکانی بەردینی (کۆن و نوێ و کانزای) دەگەڕێتەوە لەناوچەکانی(سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردن، ئەنادۆڵ) دۆزراونەتەوە ، جگە لەوەش پاشماوەی نەنووسراوی سەردەمی( ئاموری، کەنعانی، ئارامی، عیبرانی، حیسی و ئەخمینی و یۆنانی و رۆمانی...) لەشام و ئەنادۆل دۆزراونەتەوە .

**2-پاشماوە نووسراوەکان** : بڵاوبوونەوەی نووسینی مسماری و هیرۆغلیفی لە وڵاتی شام کۆتای بەچاخەکانی پێش مێژوو لەنیوەی

هەزارەی سـێیەمی پێش میلاد لەشـام هێنا، بەڵام یۆنانیەکان لەسـەدەی هەشـتەمی پیش میلاد ئەلف و بێی فینقیان وەرگرت و لەناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی ئیمبراتۆرییەتی یۆنانی بڵاوبوویەوە لەنێویشـیاندا ئەنادۆڵ، سـەرچاوە نووسـراوەکانی ئەم سـەردەمەش بریتی بوون لە(کتێب، نووسـراوی کەسـی و سـەرگۆڕەکان، نووسـراوە حکومی و ئاینیەکان، نووسـراوە ئەدەبیەکان )، جگە لەوەش کتیبە ئاینیەکانی وەکو(قورئان، تەورات، ئینجیل) زانیاریان دەربارەی مێژووی شام وئەنادوڵ خستۆتە روو هەروەها سـوممەرییەکان و ئەکەدییەکان و میسـرییەکان و یۆنان و رۆمانەکان زانیاری مێژووییان دەربارەی مێژووی کۆنی شـام و ئەنادۆڵ خستۆتە روو .

پ١٩: هەلوێسـتی دانیشـتوانی شـام لە ماوەی حوکمرانی کردنی ئاموریەکان چۆن بوو شی بکەرەوە

هەلوێستیان دابەشی سەر سێ بەش کراوە بەم شێوەیە؛

- ١- بەشێك لەدانیشتوان لایەنگری حیسیەکان بوون
- ٢-بەشێکی دیکەی دانیشتوان لایەنگری مسرییەکان بوون
- ٣- بەشـێکی دیکەش هەڵوێسـتێکی جێگیر یان نەبوو بەڵکو بەردەوام لەگۆڕاندا بوو

پ٢٠: کەنعانیەکان لە چ سەردەمێک پێیان وتراوە فینقیەکان؟

و/ کاتێک لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سـپی ناوەراسـت ژیاون ئەم قۆناغە بە سـەردەمی ئاسـنی(العصـر الحديد) ناونراوە کە لە نێوان ١٢٠٠-٣٣٢پ.ز.

پ٢١: باس لە پیشەی دروستکردنی بۆیە بکە لەلایەن کەنعانیەکان :

- پیشـەی دروسـتکردنی بۆیە رەنگی سـوری ئەرخەوانی لەشـارەکانی (ئۆگاریت،صور،صەیدا)زۆر پێشکەوتووبووە لەم پیشەیە.

ئەم ڕەنگە لە جۆرە بونەوەرێکی دەریـایی لە کەنـارەکـان دەسـت دەکەوت هەروەها ئەم پیشەیە واتا دەرهێنانی ئەم جۆرە ڕەنگە کردارێکی زۆر ئـالۆزو زەحمەت بووە پێویسـتی بە زانـای وچۆنیەتی دەرهێنـانی هەبووە، لەگەل ئەو هەموو بەرهەمە جۆراوجۆرەی کە کەنعانیەکان هەیان بوو پێویسـتیان بە بازار هەبوو بۆ سـاغکردنەوەی وفرۆشـتنی بۆ ئەمەش زیاتر ڕێگای ئاویان بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان بەکارهێناوە

پ٢٢: مەبەسـت چیە لە وشـەی (شـوفطیم) ؟ نمونەیەک بهێنەوە لەم لایەنەوە

ئەوانە پێشـەوایەتی هۆزەکانیان بوونە ناسـراوبوونە بە کەسـانی ئازاو لێهاتوو ودادوەر. بەوەی لەکاتی تەنگانە یارمەتی هۆزەکانی خۆیان دەدا وەک کاتی هەبوونی کێشـە بەتایبەتی لەشـەرەکاندا سـەرکردایەتی

جەنگەکانیان دەکرد وەک ئەو جەنگانەی دژی کەنعانی وفەلەستینیەکان ئەنجامیان دەدا.

- هەندێ لەو قازیانەی ناویان بە قارەمانی ئەفسانەیی لە پاشماوەکان هاتووە وەک (شەمشونی پاڵەوان) کە ناودار بووە بە شەرکردن لە دژی فەلەستینیەکان

پ٣٣: مەبەست چیە لە ئەخلامۆ بۆچونەکان بخەروو

ئەخلامۆ:

- لەبنەرەتدا لە زمانی عەرەبی (خیل بەمانای هاورێ یان هاوپەیمان) دێت.
- یاخود ناوی لقێك لە هۆزەکانی ئارامی بووە،
- لەلایەن ئاموریەکانیشەوە ئەو ناوە بەسەر تەواوی لقەکانی ئارامی دا براوە.
- رەنگە بەهۆی بە هێزی ئەو لقەی ئارامیەکانەوە بێت کە ناوەکەیان بۆ تەواوی هۆزەکەی بەکارهێناوە بە شێوەی ئەخلامۆ کە مەبەست ئارامیە.

- پ٣٤: هەلوێستی ئەخناتۆن چۆن بوو بەرامبەر بە کاهینەکانی پەرستگای ئامون؟

ئەخناتون بە پەرۆش بووە بۆ ئایینە نوێیەکەی بۆیە پەرستگایەکی بۆ خواوەند ئاتون دروست کرد لە کرنك و ناوی لێنا تیبە شاری دەرکەوتنی ئاتون، و لە جێگەی ئامون خواوەندی تیبەی کۆن بەڵام هیچ کات کاهینەکان بەمە رازی نەبوون بۆیە لە سەردەمی رەمسیسی سێیەم کە بە ئیمبراتۆر ناسراو بوو ئەم ئایینە لادا و خواوەند ئامونی گەراندەوە